باسی حۆریەکانی بەهەشت
بە بەڵگەی قورئان و سوننەت

نوسین و ئامادەکردنی
م هەڵگورد مصطفی گەڵاڵەیی

پەرتوکخانەی
٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠
دێرین
ژمارەی مۆڵەت ١

پێشەکی

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد و على آله و صحبه و من تبعهم بإحسان إلى يوم الدين و بعد .

موسڵمانانی بەڕێز و خۆشەویست بە پشتیوانی خوای گەورە لەم نامیلکەیەدا بە بەڵگەی قورئان و سوننەت باسی حۆریەکانی بەهەشت دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە مایەی سوود مەندی گشت لایەکمان , وە ببێتە وەڵامێك بۆ گشت ئەو کەسانەی سەریان لێ شێواوە و شوێن ئەقڵ و هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتوون و باوەڕیان بە بوونی حۆریەکانی بەهەشت نیە .

بەڵگە لە قورئانی پیرۆزدا

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَعِنْدَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ عِينٌ ، كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَكْنُونٌ﴾.(الصافات :٤٨-٤٩) .

واتە : لە لای ئەهلی بەهەشت حۆری چاوگەش دانیشتوون ، جگە لە هاوسەرانیان چاو بۆ کەسی تر هەڵنابڕن ، هەر دەڵێی هێلکەی کوڵاوی پاك کراو و شاراوەن (کەس دەستی لێ نەداون) .

وە فەرمویەتی : ﴿ فِيهِنَّ خَيْرَٰتٌ حِسَانٌ ﴿٧٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧١﴾ حُورٌ مَّقْصُورَٰتٌ فِي ٱلْخِيَامِ ﴿٧٢﴾ ﴾ الرحمن: ٧٠ - ٧٢.

واتە : لەو بەهەشتانەدا حۆری جوان و شۆخ و شەنگ و ڕەوشت بەرزی تیادایە , جا ئیتر گرۆی ئادەمیزادو پەری بەکام لەنازو نیعمەتەکانی پەروەردگار بڕوا ناکەن ، کامەی پەسەند ناکەن، حۆری چاوگەش و چاوڕەش لەو خێمە تایبەتیانەی کەبۆیان ئامادەکراوە دوور ناکەونەوە .

وە فەرمویەتی : ﴿مُتَّكِئِينَ عَلَىٰ سُرُرٍ مَصْفُوفَةٍ ۖ وَزَوَّجْنَاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ﴾. (الطور :٢٠) .

واته : ئەهلی بەهەشت لەسەر قەنەفەی ریزکراو ، پاڵیانداوەتەوەو روویان لەیەککردووە وە هاوسەرمان کردوون بە ژنانی سپی و چاو گەورە .

وە فەرمویەتی : ﴿ وَحُورٌ عِينٌ ﴿٢٢﴾ كَأَمْثَـٰلِ ٱللُّؤْلُوِ ٱلْمَكْنُونِ ﴿٢٣﴾ ﴾ الواقعة: ٢٢ ـــ ٢٤ .

واتە : هاوڕێ لەگەڵ حۆری چاوگەش و چاو ڕەش کە وەك مرواری شاراوەودەست لێ نەکەوتوو وان .

_ وشەی (حور) واتە : چاو رەش و چاو بەکل , وە وشەی (عین) واتە : چاو گەورە و جوان - زانایان فەرمویانە - گەورەترین بەڵگە لەسەر جوانی ئافرەت بریتیە لە جوانی چاوەکانی . تفسیر السعدی : (ص ٩٩١) .

وە فەرمویەتی : ﴿ فِيهِنَّ قَـٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ ﴿٥٦﴾ فَبِأَىِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٧﴾ كَأَنَّهُنَّ ٱلْيَاقُوتُ وَٱلْمَرْجَانُ ﴿٥٨﴾ ﴾ الرحمن: ٥٦ ـــ ٥٨ .

واتە : لەو باخانەدا هەن حۆریانێك کە تەنها چاویان لە مێردی خۆیانە پێش ئەوان دەستی کەسیان لێ نەکەوتووە نە لە ئادەمی و نە لە جنۆکە , جا بەکام نیعمەتانی پەروەردگارتان بێ بڕوان , ئەو (حۆری یانە) وەك یاقووت و مەرجان وان .

وە فەرمویەتی : ﴿ إِنَّآ أَنشَأْنَـٰهُنَّ إِنشَآءً ﴿٣٥﴾ فَجَعَلْنَـٰهُنَّ أَبْكَارًا ﴿٣٦﴾ عُرُبًا أَتْرَابًا ﴿٣٧﴾ ﴾ الواقعة: ٣٥ ـــ ٣٧.

واتە : ئافرەتی بەهەشتمان بەشێوەیەکی تایبەت دروست کردوە وەکو ئافرەتانی دونیانین تووشی ناخۆشی و پیری و مردن بن ، کردومانن بە کچ و هەرگیز پیرنابن ، عاشقی مێردەکانیان ، وە مێردەکانیشیان عاشقی ئەوانن ، گشتیان خۆشەویستی یەکترن و رق و کینە لە نێوانیاندا نیە . تفسیر ابن کثیر " (٤ / ٢٩٤) .

وە فەرمویەتی : ﴿ وَلَهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ ۖ وَهُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ البقرة: ٢٥.

واتە : لەوێدا هاوسەرانی پاك و بێ گەردیان بۆ ئامادەكراوە (ئەو بەختەوەرانە) ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە لەو بەهەشتەدا دەبەنە سەر .

- ئیمامی ابن القیم (رەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) فەرمویەتی : خوای گەورە وەسفی ئافرەتانی بەهەشتی كردوە بە پاكیەتی , ئافرەتانی بەهەشت پاكن لەخوێنی سوری مانگانە و چونە سەرئاوو گشت ئەو شتانەی پەیوەندی بە ئافرەتانی دونیاوە هەیە لەناخۆشی , وە لە دەرونیشیاندا پاكن لە رق و كینە و كێشەی خێزانی . روضة المحبين : (ص ٢٤٣ ، ٢٤٤) .

بەڵگە لە فەرمودەی صەحیح

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : ﴿وَلَوْ أَنَّ امْرَأَةً مِنْ نِسَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ اطَّلَعَتْ إِلَي الْأَرْضِ لَأَضَاءَتْ مَا بَيْنَهُمَا وَلَمَلَأَتْ مَا بَيْنَهُمَا رِيحًا ، وَلَنَصِيفُهَا عَلَي رَأْسِهَا خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا﴾ . رواه البخاري (٢٦٤٣) .

واتە : ئەگەر ئافرەتێك لە ئافرەتانی بەهەشت خۆی دەربخات بۆ سەر زەوی ئەوە بە ئەندازەی نێوان زەوی و بەهەشت گشتی رۆناك دەكاتەوە و بۆن خۆشی دەكات , وە ئەو خیمارەی لەسەریەتی زۆر گران بەهاتر و باشترە لەدونیاو ئەوشتانەی تیایەتی (كەوایە ئەگەر قەدری دونیا بەئەندازەی خیماری سەری حوریەك نەبێت ئەوە قەدری هیچی نیە بەرامبەر بەخۆشیەكانی تری بەهەشت) . مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح : ٩ / ٣٥٧٦ .

وە فەرمویەتی : ﴿إِنَّ أَوَّلَ زُمْرَةٍ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ عَلَي صُورَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ كَأَشَدِّ كَوْكَبٍ دُرِّيٍّ فِي السَّمَاءِ إِضَاءَةً قُلُوبُهُمْ عَلَي قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ لَا اخْتِلَافَ بَيْنَهُمْ وَلَا تَبَاغُضَ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ زَوْجَتَانِ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ يُرَي مُخُّ سُوقِهِنَّ مِنْ وَرَاءِ الْعَظْمِ وَاللَّحْمِ مِنَ الْحُسْنِ يُسَبِّحُونَ اللَّهَ بُكْرَةً وَعَشِيًّا لَا يَسْقَمُونَ وَلَا يَبُولُونَ وَلَا يَتَغَوَّطُونَ وَلَا يَتْفُلُونَ وَلَا يَتَمَخَّطُونَ آنِيَتُهُمُ الذَّهَبُ وَالْفِضَّةُ

وَأَمْشَاطُهُمُ الذَّهَبُ وَوَقُودُ مَجَامِرِهِمُ الْأَلُوَّةُ وَرَشْحُهُمُ الْمِسْكُ عَلَي خُلُقِ رَجُلٍ وَاحِدٍ عَلَي صُورَةِ أَبِيهِمْ آدَمَ ستونَ ذِرَاعا فِي السَّمَاء ﴾ . رَوَاهُ مُسلم . (صَحِيح) مشكاة المصابيح : ٥٦١٩ .

واته : بەراستی یەکەمین کۆمەڵ کاتێك دەچنە بەهەشت روخساریان وەکو مانگی چواردە وایە لە درەوشاوەییدا کە (بریتین لە پێغەمبەران علیهم الصلاە والسلام) , وە کۆمەلی دواتریان روخساریان وەکو درەوشاوەترین هەسارەی ئاسمانە (کە بریتین لە زانایان و شەهیدان و پیاوچاکان) , دڵی ئەهلی بەهەشت هەمویان وەکو یەك وایە و ناکۆکی و رق و کینە لەنێوانیاندا نیە , بۆ هەریەك لە پیاوانی ئەهلی بەهەشت دوو حۆری چاو رەش و چاو جوان هەیە کە مۆخی ناوقاچیان لەژێر گۆشتیان دیارە بە هۆی جوانی و سپیەتیان , بەردەوام زیکری خوا دەکەن و خوای گەورە بە پاك دادەنێن لەگشت کەم و کوریەك , هەرگیز نەخۆش نابن وە میزو پیسایی ناکەن وە تف و بەلغەم و ئاوی لوتیان نیە و فڕەی نادەن , قاپ و سنی و کوپ و دۆلکە و گڵاسیان لە زێڕ و زیوە , وە شانەی قژیان لەزێڕە , وە دەزگای بوخوریان لەخۆشترین بۆنە وە ئارەقەیان وەکو بۆنی میسك وایە , وە رەوشت و شێوەو بەژن و باڵایان وەکو یەکە لەسەر شێوەی باوکیان ئادەم علیه السلام ٦٠ باڵ بەژنیان بەرەو ئاسمان بەرزە (کە دەکاتە نزیکەی ٣٠ مەتر) والله اعلم .

_ ئیمامی ابن حجر (رەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) فەرمویەتی : لەم فەرمودەیەدا دەردەکەوێت کەوا کەم ترین رێژەی حۆریەکانی بەهەشت بۆ هەر پیاوێك دوو دانەیە (واتە هەموو پیاوێکی بەهەشت دوو حۆری بۆ هەیە) . فتح الباري" (٦/ ٣٢٥) .

وە هەندێك کەس هەیە زیاتر لە دوو حۆری بۆهەیە بە بەڵگەی ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : ﴿إِنَّ لِلْمُؤْمِنِ فِي الْجَنَّةِ لَخَيْمَةً مِنْ لُؤْلُؤَةٍ وَاحِدَةٍ مُجَوَّفَةٍ عَرْضُهَا وَفِي رِوَايَةٍ: طُولُهَا سِتُّونَ مِيلًا فِي كُلِّ زَاوِيَةٍ مِنْهَا أَهْلٌ مَا يَرَوْنَ الْآخَرِينَ يَطُوفُ عَلَيْهِم الْمؤمنُ ﴾ . مُتَّفق عَلَيْهِ . مشكاة المصابيح : ٥٦١٦ .

واته : بەراستی بۆ باوەردار هەیە لەبەهەشتدا خێمەیەکی زۆر گەورە کە لە مرواری دروستکراوە و ناوەوەی بۆشە , پانی و درێژیەکەی ٦٠ میلە (واتە نزیکەی ١٠٠ کیلۆ مەتر واللە أعلم) , لەهەر زاویەکی ئەم خیوەتەدا خێزانێکی ئەم باوەردارەی لێە هیچ کام لەم خێزانانە ئەوەی تریان نابینێت ، ئەم پیاوە باوەردارە بەسەریاندا دەخولێتەوە و دەچێتە لایان بۆ سەرجێیی لەگەڵ کردنیان .

وە فەرمویەتی : (لِلشَّهِيدِ عِنْدَ اللَّهِ سِتُّ خِصَالٍ: يُغْفَرُ لَهُ فِي أَوَّلِ دفعةٍ وَيَرَى مَقْعَدَهُ مِنَ الْجَنَّةِ وَيُجَارُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَيَأْمَنُ مِنَ الْفَزَعِ الْأَكْبَرِ وَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ تَاجُ الْوَقَارِ الْيَاقُوتَةُ مِنْهَا خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا ويزوَّجُ ثنتينِ وَسَبْعِينَ زَوْجَةً مِنَ الْحُورِ الْعِينِ وَيُشَفَّعُ فِي سَبْعِينَ مِنْ أَقْرِبَائِهِ) . رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ , (صَحِيح مشكاة المصابيح : ٣٨٣٤ .

واتە : بۆ شەهید هەیە لەلای خوای گەورە شەش تایبەت مەندی : لە سەرەتای دەرچوونی خوێنی خوای گەورە لە گوناحەکانی دەبورێت وە شوێنی خۆی دەبینێت لە بەهەشت وە دەپارێزرێت لە سزای ناو گۆر وە سەلامەت دەبێت و پارێزراو دەبێت لە ئاگری دۆزەخ وە تاجی رێزی لەسەر سەر دادەنرێت کە یاقوتێکی باشترە لە دونیا و لەگشت ئەوشتانەی تیایەتی وە ٧٢ ئافرەتی لە حۆریەکانی بەهەشتی لێ مارە دەکرێت وە شەفاعەت بۆ ٧٠ کەس لە خزمە نزیکەکانی دەکات .

وە فەرمویەتی : (لَا تُؤْذِي امْرَأَةٌ زَوْجَهَا فِي الدُّنْيَا إِلَّا قَالَتْ زَوْجَتُهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ : لَا تُؤْذِيهِ قَاتَلَكِ اللَّهُ ؛ فَإِنَّمَا هُوَ عِنْدَكِ دَخِيلٌ يُوشِكُ أَنْ يُفَارِقَكِ إِلَيْنَا) . حسنه الترمذي ، وقال الذهبي في "السير" (١٢/٥) : " إسناده صحيح متصل " . وصححه الألباني في "صحيح الترمذي .

واته : هیچ ئافرەتێك مێردەكەی ئەزیەت نادات لە دونیادا ئیللا ئەو خێزانەی كەلە حور العینە دەڵێت ، ئەزێتی مەدە نەفرەتت لێ بێت ئەو تەنها میوانێكە لای تۆ وا خەریكە بەجێت دێڵێت ودێت بۆلای ئێمە .

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە فەرمودەیەكی صەحیحدا باسی پاداشتی نزم ترین پلەی ئەهلی بەهەشت دەكات و دەفەرموێت : (قال الله : هو لكَ و عشَرَةُ أمْثالِه . قال : ثم يدخُل بيتَه فتدخلُ عليه زوْجَتاه مِنَ الحُورِ العينِ فتقولانِ : الحمدُ لله الذي أحْياكَ لَنا ، وأحْيانا لك . قال : فيقولُ : ما أُعْطِيَ أحَدٌ مثلَ ما أعطيتُ) .
رواه مسلم . صَحِيحُ التَّرْغِيب وَالتَّرْهِيب : ٣٧٠٣ .

واتە : خوای گەورە بەو كەسە دەفەرموێت : با بۆتۆبێت لەبەهەشت ئەوەندەی داوات كرد و دە ئەوەندەی زیاتریش , پاشان پیاوەكە دەچێتە خانوەكەی لەبەهەشتدا و هەردوو خێزانەكانی لەحۆریەكانی بەهەشت دەچنەلای و دەڵێن : سوپاس بۆ ئەو خوایەی تۆی بۆ ئێمە دروست كردووە و ژیاندووە , وە ئێمەی بۆتۆ ژیاندووە و دروست كردووە , پیاوەكە دەڵێت : خوای گەورە ئەوەندە موڵكو خۆشیەكانی بەهەشتی بەمن بەخشیوە بەهیچ كەسێكی ئەوەندە نەبەخشیوە .

وە فەرمویەتی : (إِنَّ الْحُورَ فِي الْجَنَّةِ يَتَغَنَّيْنَ يَقُلْنَ : نَحْنُ الْحُورُ الْحِسَانُ , هُدِينَا لِأَزْوَاجٍ كِرَامٍ) . الصحيحة : (٣٠٠٢) .

واتە : حۆریەكان لەبەهەشتدا گۆرانی دەڵێن و دەڵێن : ئێمە حۆری جوانین كراوین بە دیاری بۆ پیاوانی بەرێز و باش .

وە فەرمویەتی : (من كتم غيظا و هو قادر على أن ينفذه دعاه الله على رءوس الخلائق حتى يخيره من الحور العين يزوجه منها ما شاء) . قال الشيخ الألباني : (حسن) انظر حديث رقم : ٦٥١٨ في صحيح الجامع .

واتە : هەركەسێك تووڕەبوونی بخواتەوە لەكاتێكدا توانای هەبێت دەری بڕێت و ئەوەی بیەوێت ئەنجامی بدات , خوای گەورە لەرۆژی دواییدا لە سەرووی دروستكراوەكانی

بانگی دەکات بۆ ئەوەی هەڵبژێرێت لەحۆریە جوانەکانی بەهەشت بەکەیفی خۆی کامیانی بوێت .

گومانێك و وەڵامدانەوەی

زۆر جار پرسیار دەكرێت و دەوترێت لەبەهەشتدا حۆری بۆ پیاو هەیە ئەی بۆ ئافرەت چی هەیە؟

وەڵام :

١- خوای گەورە پرسیاری لێ ناکرێت و (ڕەخنەی لێ ناگیرێ) لە هەر کارێك كە دەیكات بەڵام مرۆڤەكان پرسیاریان لێ دەكرێت ، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الأنبياء : ٢٣ .

واتە: خوا پرسیاری لێ ناكرێت (ڕەخنەی لێ ناگیرێ) لە هەر كارێك كە دەیكات بەڵام ئەوان (ئادەمیزاد) پرسیاریان لێ دەكرێ .

٢- ئەو شەوق و مەیلەی پیاو بۆ ئافرەت هەیەتی ئافرەت بەم شێوە نیە بۆ پیاو .

٣-لەدونیادا پیاو داواكارە و ئافرەت داواكراوە .

٤- ئەو هێز و توانایەی پیاو هەیەتی بەرامبەر بە ئافرەت بەڵام ئافرەت بەم شێوەیە نیە .

٥-خوای گەورە لەقورئاندا باسی كردووە كە ڕازاوەترین شت لەدونیادا بۆ پیاوان بریتیە لە ئافرەت .

٦-وە گومان لەوەنیە كەوا هەموو ئافرەتێك لە بەهەشتدا پیاوی خۆی دەبێت بەڵام بەڵگە نەهاتووە كە حۆری پیاوی بۆ هەبێت , پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (مَا فِي الْجَنَّةِ أَعْزَبُ) . ((الصحيحة)) (١٧٣٦) .

واتە : لەبەهەشتدا هیچ كەسێك بەبێ هاوسەر نابێت , هەموو پیاوێك خێزانی خۆی دەبێت وە هەموو ئافرەتێك مێردی خۆی دەبێت .

وصلى الله على نبينا محمد و على آله و صحبه وسلم

٢٤ / ذوالحجة / ١٤٣٧ ه — ٢٥ / ٩ / ٢٠١٦ م

لە بڵاوكراوە خێریەكانی پەرتووكخانەی دێرین ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠